گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper21
ڕێکەوتی وەرگرتــن: ٢٠٢٢/١١/٢٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠١/٠٣
ڕێکەوتی بڵاو کردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# ڕەوشی تەندروستی شارەکانی باشوری کوردستان لە سەدەی نۆزدەدا

**سامان حسێن احمد[1] - ڕێواس فتاح محمد[2]**

[1]بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

saman.abdullah@univsul.edu.iq - rewas.fatah@spu.edu.iq

## پوختە

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوە باس لە ڕەوشی تەندروستی شارەکانی باشوری کوردستان لەسەدەی نۆزدەدا دەکات، کە بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابوریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دانیشتوانی ئەم شارانە بەدەست هەژاری و نەداری و دواکەوتویی و نەخوێندەواری و خراپی ڕەوشی سیاسی و کاولکاری و تاڵانی و بەرزی ڕێژەی باجەکانەوە گرفتاربون، لەگەڵ ئەوەشدا زنجیرەیەک نەخۆشی مەترسیداری وەک تاعون و کۆلێرا، مەلاریا، گرانەتا، ڕشانەوە و سکچون.... لەماوەی ساڵانی (١٨٢٠، ١٨٢١،١٨٣١،١٨٣٢، ١٨٤٥، ١٨٦٥، ١٨٧١،١٨٨٩..) لە شارەکانی هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، ڕەواندز، ئامێدی...) بڵاوبوەتەوە کە زیانی گەورەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کارەساتی تەندروستی لێکەوتۆتەوە، هەندێجار زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی شارەکانی لەناوبردوە. نزمی ئاستی هۆشیاری تەندروستی و نەبونی خزمەتگوزاری تەندروستی خەڵکی ناچارکردوە بۆ چارەسەری وەرگرتن پەنایان بۆ بواری پزیشکی میللی و نوشتە و دوعا و سیحر و جادو و مەرقەد و گۆڕی پیاوچاکان بردوە، بێباکی و خەمساردی دەوڵەتی عوسمانی لەچارەسەرکردنی تەنگەژە تەندروستییەکان و پشتگوێخستنی ئەم سێکتەرە گرنگە بوە بە هۆی چەندبارەبونەوەی کارەساتە تەندروستییەکان، ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا نەخۆشخانە و فەرمانگەی کەرەنتینەی لەهەردو شاری کەرکوک و سلێمانی کردوەتەوە، بەڵام وەک پێویست بوجە و پێداویستییەکانی بۆ دابیننەکردوە لەچاو سێکتەرە سەربازییەکان کەمترین پارە بۆ سێکتەری تەندروستی دابینکراوە، لە

شارەکانیتری وەک هەولێر، ڕەواندز، ئامێدی تا سەرەتاکانی سەدەی بیست هیچ نەخۆشخانە و بنکەیەکی تەندروستی میری بەفەرمی دروستنەکراوە.

**کلیله وشه:** ڕەوشی تەندروستی، دەوڵەتی عوسمانی، شارەکانی باشوری کوردستان، تاعون و کۆلێرا

# ڕەوشی تەندروستی شارەکانی باشوری کوردستان لەسەدەی نۆزدە

## پێشەکی

ڕەوشی تەندروستی گرێدراوی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە و هەر گۆڕانکاری و بەرەوپێشوچون یان پاشەکشێ و دواکەوتنێک لەمبارەیەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر لایەنی تەندروستی دروستدەکات، شارەکانی باشوری کوردستان بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی نەبونی ژێرخانێکی ئابوریی تۆکمەوە بە دەست دەیان گرفت و قەیرانی ئابوریی وەک گرانی و برسێتیەوە گرفتارببون کە لەسەر دواکەوتویی کۆمەڵایەتی و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری و کەمی هۆشیاری تەندروستی ڕەنگدانەوەی هەبوە هەرچەندە لەماوەی سەدەی هەژدە و نۆزدە چەندین نەخۆشی کوشندی وەک تاعون، کۆلێرا، گرانەتا و مەلاریا نەخۆشی گولی، سکچون و ڕەشانەوە...هتد شارەکانی باشوری کوردستانی گرتوەتەوە، بەڵام نە لەسەردەمی میرنشینە کوردییەکان و نە لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانی ئاوڕی جدی لەلایەنی تەندروستی نەدراوەتەوە و بەشێوازێکی زانستی پلان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تەنگەژە تەندروستییەکان، یان دابینکردنی پێداویستییە پزشکییەکان و چارەسەرکردنی نەخۆشەکان کاری بۆ نەکراوە، کەمتەرخەمی دەوڵەتی عوسمانی و لاوازی هۆشیاری تەندروستی و شێوازی خۆپارێزی و چارەسەر وەرگرتن بوە بەهۆی چەند بارەبونەوەی کارەساتە تەندروستییەکان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ نیشاندانی ڕەوشی تەندروستی شارەکانی باشوری کوردستان لەسەدەی نۆزدە و دەرخستنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم ڕەوشە لەسەر سیمای ئاوەدانی و شارستانی شارەکان لەو قۆناغە مێژووییەدا.

**گرنگی توێژینەوەکە:** بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە باسی ڕەوشی تەندروستی قۆناغێکی مێژویی گرنگ لە شارەکانی باشوری کوردستان دەکات و بەشێوازێکی زانستی ئەو گرفتە تەندروستیانەی لەماوەی سەدەی نۆزدەدا ڕوبەڕوی شارەکان بوەتەوە دەخاتەڕو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بەڕەچاوکردنی بواری زانستی بابەتەکە و بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی مێژویی و ڕێبازی مێژوی شیکاری پەیڕەوکراوە، سەرەتا باسی ڕوداوە

مێژوییەکان کراوە پاشان بە شێوازێکی زانستیانە شیکردنەوەی بابەتی بۆکراوە، بۆ بەرچاو ڕونی و ساغکردنەوەی هەندێک لە زانیارییەکان سود لە ژمارەیەک ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ وەرگێراوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و پێنج تەوەرو پوختە بەزمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە. لەتەوەری یەکەمدا بارودۆخی تەندروستی شارەکانی باشوری کوردستان لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا باسکراوە، لەتەوەری دوەمدا بڵاوبونەوەی نەخۆشییە کوشندەکان و زیانەکانی لە شارەکاندا باسکراوە، تەوەری سێیەم بۆ شێوازی مامەڵەکردنی خەڵکی لەگەڵ نەخۆشییەکان و چۆنیەتی چارەسەر وەرگرتن تەرخانکراوە، لە تەوەری چوارەمدا باسی نەخۆشخانە و فەرمانگەی کەرەنتینە لە شارەکانی سلێمانی و کەرکوک کراوە،لە کۆتا تەوەرەدا لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی خراپی ڕەوشی تەندروستی بۆ سەر لایەنی ئابوریی و کۆمەڵایەتی و شارستانی شارەکان باسکراوە. ئەو سەرچاوانەی بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە سودی لێوەرگیراوە نوسینی ئەکادیمی و کتێبی بەڵگەنامەیی و داتا و زانیارییەکانی نێو ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانین، کە سەرچاوەی فەرمی دەوڵەتبون و زانیارییەکانی تاڕادەیەکی باش ڕاست و دروستە، بەشێکیتر لە سەرچاوەکان بریتین لەگەشتنامە و یاداشت و نوسینی گەڕیدە و کەسایەتییە سیاسی و دیپلۆماتەکان، کە لە نزیکەوە شارەکانیان بینیوە و سەرنج و تێبینیەکانیان لەو بارەیەوە نوسیوە.

## ١- بارودۆخی تەندروستی شارەکانی باشوری کوردستان لە سەدەی نۆزدە

ڕەوشی تەندروستی عێراق بەگشتی لەسەردەمی عوسمانیدا لەئاستێکی خراپ و نالەباردابوە لەلایەک وڵاتی عێراق کەوتبوە سەر ڕێگای تێپەڕبونی بازرگانی و کاروانی حاجییان و ساڵانە نەخۆشی جۆراوجۆر و لە وڵاتانی جیاوازەوە بەهۆی کاروباری بازرگانی یان هاتوچۆی حاجیەکانەوە بۆ عێراق دەگوازرایەوە لەلایەکیترەوە بونی ژمارەیەک مەزارگەی پیرۆز و گۆڕی پیاوچاکان، کە خەڵکی سەردانیان دەکردن یان لاشە مردوەکانیان دەهێنا و لەوێ دەیانناشت ئەگەر هەر پەتا و نەخۆشییەکی گوازراوە لەو وڵاتانە هەبوایە زۆر بە خێرایی لە هەرسێ ویلایەتەکەی عێراق بڵاودەبوەوە (وەردی،٢٠١٥: ٣٢٢).

ڕەوشی تەندروستی شارەکانی باشوری کوردستان بەگشتی لەسەردەمی عوسمانییەکاندا لە ئاستێکی خراپدابوە ئەویش گرێدراوی ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بوە، لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی وەک کوردستان بەهۆی خراپی ژێرخانی ئابوری و نەخویندەواری و دواکەوتویی کۆمەڵایەتیی و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری گرنگیدان بەلایەنی تەندروستی تاڕادەیەکی زۆر پشتگوێخراوە (شوانی، ٢٠٠٢: ٦٧) شارەکانی عێراق بەگشتی و باشوری کوردستان بەتایبەتی بەهۆی شەڕو پێکدادانی بەردەوام لە نێوان هەر دو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لەلایەک، هێز و دەسەڵاتدارە نێوخۆییەکان و ئەندامانی بنەماڵە فەرمانڕەواکان و هێرش و پەلاماری هۆزو خێڵە عەشایرەکان بۆ سەر دانیشتوانی شارەکان لە لایەکیترەوە بارودۆخی وڵاتی لەڕوی

سیاسی و ئابورییەوە توشی تەنگەژە کردبو (مراد، ٢٠١٨: ٢٣٢؛ عبوش، ٢٠٠٤: ١٥٦–١٥٧). بۆ نمونە شاڵاوی هێزەکانی بەغداد بۆ سەر عەشیرەتی بلّباس ساڵی ١٨٠٢ لەدەوربەری شاری هەولێر و کۆیە و بەتاڵانبردنی مەڕ و ماڵاتەکانیان زیانی ماڵی گەورەی بەناوچەکە گەیاندوە، کە هەندێجار بەهۆی ئەو بارودۆخانەوە گرانی و برسێتی بڵاودەبویەوە و لێکەوتە و دەرهاوێشتەکانی ئەو ڕەوشە خراپە زۆرجار تەنگەژەی تەندروستی دروستکردوە (هەروتی، ٢٠١٣: ٢٣٨)

هەندێجار سروشت و ئاوهەوای ناوچەی شاخاوی کوردستان یان ئەو ناوچانەی ئاوی وەستاوییان زۆربوە هۆکار بوە بۆ بڵاوبونەوەی دەرد و پەتا و نەخۆشییە گوێزراوەکان بەتایبەتی بەهۆی مێشولەوە بۆ نمونە دەشتی شارەزور بەهۆی بونی چاڵاوی ئاوی وەستاو و بۆگەنبونی ئاوەکە و کۆبونەوەی مێشولە و مەگەزی وڤایرۆسەوە ساڵانە مەلاریا و گرانەتا بڵاوبوەتەوە پاشان بۆ شاری سلێمانی گوازراوەتەوەو ژمارەیەکی زۆرلە خەڵکی ناوچەکەی کردوەتە قوربانی (خصباک، ٢٠٠٥: ١٤٠).

گەندەخۆری و بەدخۆراکی و نەبونی بڕی پێویست لەخۆراکی تەندروست بە یەکێکیتر لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی نەخۆشییە کوشندەکان و درم و پەتا گوێزەرەوەکانی وەک تاعون و کۆلێرا دادەنرێت، ناڕێکی و خراپی سیستمی خواردن وادەکات جەستەی مرۆڤ بڕی پێویست لە وزەی بۆ بەجێهێنانی زیندەچالاکییەکانی و بەهێز بونی سیستمی بەرگری لەشی دژی نەخۆشییەکان دەستنەکەوێت، کە بەهۆییەوە بتوانێت دژی نەخۆشییەکان بجەنگێت (شوانی، ٢٠٠٢: ٦٩؛ وەردی، ٢٠١٥: ٣٢٣). نەزانی و کەمتەرخەمی، کە بەشێک بوە لە هەلومەرجی ژیانی خەڵکی سەرەنجی گەڕیدە و گەشتیارە بیانیەکانی ڕاکێشاوە گەڕیدەیەکی فەرەنسی لە نزیک شاری ئامێدی شەوێکی لەگەڵ جوتیارەکان بەسەر بردوە باسی سەرما و سۆڵەی سەختی ئەو شەوەی کردوە، کە زۆربەی منداڵەکان بەو شەوە ساردە بە سنگی ڕوتی لەسەر زەوییەکە خەوتون، ناوبراو ئەمەی بە هۆکارێکی سەرەکی بەرزی ڕێژەی مردن لە نێومنداڵاندا ناوبردوە (بێندەر،٢٠٠٦: ٢٥٠).

هۆکارەکانی خراپی ڕەوشی تەندروستی و دروستبونی تەنگەژە تەندروستییەکان جگە لەو هۆکارانەی پێشتر باسکران، بەشێکیان بۆ نزمی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە و نەخوێندەواری لەو سەردەمانەدا دەگەڕێتەوە، وەک پیس وپۆخڵی و بایەخنەدان بە خۆشتن و پاکڕاگرتنی جەستە و جلوبەرگ و شوێنی حەوانەوە، بەکارهێنانی بەکۆمەڵی هەندێک کەرەستە وەک جامی ئاوخواردنەوە، یان قاپ و قاچاخ. بونی حەوزی ئاو لە نێو حەوشی ماڵەکان لەشاردا، کە بۆ پاککردنەوەی قاپ و جلشتن و خۆخاوێن کردنەوە بەکارهێنراوە، کە زۆرجار پیسبونی ئاوی حەوزەکان هۆکارێکبوە بۆ گەشەکردنی میکرۆب و ڤایرۆس و بەهۆییەوە نەخۆشی و پەتا بڵاوبوەتەوە (وەردی، ٢٠١٥: ٣٢٣)

خراپی شێوازی خانوبەرەوە و نەبونی هەواکێشی پێویست بۆ هەواگۆڕکێ و پاككردنەوەی هەوای ناو ژورەكان بەتایبەتی لە کاتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی خۆگەرمکردنەوە و ڕوناككردنەوە لە شەواندا، دەبوە هۆی پەنگخواردنەوەی دوكەڵ و بۆنی ناخۆش لەئەنجامدا كاریگەری خراپی بۆ سەر تەندروستی لێدەكەوتەوەو نەخۆشی بڵاودەبوەوە (هەروتی، ٢٠١٣: ٢٤٠)، گەڕیدەیەكی فەرەنسی كە شەوێكی لە شوێنێكی هاوشێوە لە لە نزیک شاری ئامێدی بەسەربردوە لەم بارەوە وتویەتی:" لەبەرئەوەی هەوا فێنكە لە ژورەوە ئاگردەكەنەوە، بۆنی خواردن لەگەڵ بۆنی بۆگەنیوی خەڵكەكە تێكەڵ بەیەكتردەبن هەرچەندە ژورەكە دەرگاو پەنجەرەشی هەیە، بەڵام بۆنی بۆگەنیو پیس بڵاودەبوەوە" (بێندەر، ٢٠٠٦: ٢٤٠).

هەروەها ئەو شارانەی لەنێو قەڵادا بون وەكو شارەكانی هەولێر و كەركوك بەهۆی كەمی ڕوبەرەوە كۆڵانەكانی تەسكبون و خانوەكانی كەمترین تیشكی خۆری بەركەوتوە، كە بەهۆی زۆری ڕێژەی شێەوە شتەكانی ناوی بۆگەنی دەكرد و زیانی بۆسەر تەندروستی دانیشتوانەكەی دروستكردوە، بەشێك لە ماڵەكان بەتایبەتی ئەوانەی دەكەوتنە سەر كۆڵانەكان یان نهۆمی خوارەوە پەنجەرەیان تێدانەبوە یان زۆر بچوكبوە وەک پێویست هەوا گۆڕكێی نەكردوە و بەهۆی بچوكی ڕوبەری حەوشەوە زۆربەی خانوەكان لەباخچە و دار و درەخت بێبەشبون بەمەش هەوای پاكژ و تەندروست كەمبوە لەلایەكیترەوە بەهۆی هەبونی جێگای ئاژەڵ لە تەنیشت ماڵەكان یان لەو خان و كاروانسەرایانەی لە گەڕەكەكانەوە نزیكبون و پاشماوەی ئاژەڵەكان كۆدەكرایەوە و وەک سوتەمەنی بۆ گەرمكردنی حەمام سودیان لێوەردەگیرا دەبوە هۆی كۆكردنەوەی مێش و مەگەز و مێروە زیانبەخشەكان، كەسەرچاوەی بڵاوبونەوەو گواستنەوەی زۆرێك لە نەخۆشییەكانبون بەتایبەتی مەلاریا و گرانەتا و كۆلێرا و تاعون (احمد،١٩٨٦: ٢٥١؛ ڕوؤف، ١٩٨٨: ٢٨٧). بۆیە زۆربەی دەردە كۆشندەكانی وەک تاعون و كولێرا بەزۆری لەو شارانەی قەڵای هەبوە وەک موسڵ و هەولێر و كەركوك بڵاوبونەتەوە.

## ٢- پەتا و نەخۆشیە باوەكان

هەندێجار كوردستان دەبو بە مەڵبەندی بڵاوبونەوە و گواستنەوەی نەخۆشی بۆ بەشەكانیتری عێراق وەک ئەوتاعونەی لەساڵی ١٧٥٨ لە كوردستان بڵاوبوەوەو گوێزرایەوە بۆ موسڵ بە هۆیەوە حسێن پاشای والی موسڵ گیانی لەدەستداوە (لانزا، ١٩٥٣:٥٢). یان ئەو پەتای تاعونەی لە ساڵ ١٧٧١-١٧٧٢ لە كوردستان ودیاربەكر بڵاوبوەوە و گەیشتوەتە موسڵ و ژمارەییەكی ئیجگار زۆر قوربانی لێكەوتەوە، كە بە نزیكەی هەزار كەس لەرۆژێكدا خەملێنراوە (العدول، تموز ٢٠٠٦: ٧)، بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە ژمارەی ئەوكەسانەی بە هۆی تاعونەكەی موسڵەوە مردون نزیكەی١٠٠ هەزار كەسی تێپەڕاندوە لە كاتێكدا ژمارەی دانیشتوانی ڕاستەقینەی شارەكە نزیكەی ١٢٥هەزار كەسبو، واتە ٨٠٪ دانیشتوانەكەی لە ناوبردوە (صایغ،١٩٢٣: ٢٩٣).

بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆری ئەو نەخۆشیانەی لە شارەکانی کوردستان بڵاودەبونەوە لە بنەڕەتدا لە وڵات و هەرێمەکانی دەوروبەرەوە بۆی دەگوازرانەوە (العمري، ٢٠٠٦: ١٣٧). بۆ نمونە ئەو نەخۆشی کۆلێرایەی لە ساڵی١٨٢٠ لە کوردستان بڵاوبوەوە سەرەتا لە هندستانەوە لەڕێگەی بەندەر عەباس و بەندەر ئەبو شەهرەوە گەیشتوەتە بەسرەوە نزیکەی ١٥ هەزار کەسی لەناوبردوە لە نێوشارەکانی سەماوەو حلەو کەربەلاوە بڵاوبوەتەوە پاشان بۆ بەغداد لەوێشەوە بۆ کوردستان گوازراوەتەوە (الكركوكلي، ب.ت: ٢٩٨)، هەمان نەخۆشی لە ساڵی ١٨٢٠ لە شاری سلێمانی بڵاوبوەتەوە و زیانی گەورەی گیانی بە دوای خۆیدا هێناوە (عزاوي، ١٩٥٤: ٢٧٨-٢٧٩).

لەسەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا، لە زۆربەی شارەکاندا نەخۆشی و دەردی کوشندەی وەک ڕشانەوەو تاعون و مەلاریا و گرانەتا و کۆلێرا بڵاوبوەتەوە و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەسەرجەم چین و توێژە جیاوازەکان لەناوبردوە، ڕیچ باسی نەخۆشی گرانەتای لە سنوری شاری سلێمانی کردوە، کە ساڵانە لەوەرزی بەهاردا خەڵکێکی زۆر بەدەست ئەم نەخۆشیەوە گیرۆدە دەبون، کەسی توشبو بەهۆی تایبەکی زۆرەوە لاواز دەبو بەجۆرێک چارەسەرکردنی دەبوە کارێکی مەحاڵ (ڕیچ،٢٠٠٢: ١٤٢).

نەهامەتیە تەندروستییەکانی شاری سلێمانی بە درێژایی سەدەی نۆزدە بەردەوام لە زیادبوندابوە و لە سییەکانی سەدەی نۆزدەدا گەیشتوەتە لوتکە، کاتێک فرەیزەر لە ساڵی ١٨٣٤ سەردانی شارەکەی کردوە خەڵکی شاری لە دۆخێکی هێندە سەختدا دیوە بە وتەی ناوبراوە نەیتوانیوە بڕوا بە ئەوە بکات ئەم شارە لە ڕابردودا ئاوەدان بوە و خەڵکەکەی دڵخۆشبون، هۆکاری ئەو وێرانییەی لە زمانی خەڵکەکەیەوە بۆ نەخۆشی تاعونی ساڵی ١٨٣١ و وشکە ساڵی و قات و قڕی و برسێتی و پەلامار و هێرشی فارسەکان گەڕاندوەتەوە، کە کارەساتی گەورەی مرۆیی لە شارەکەدا خولقاند بو.(فرەیزەر،٢٠٢٠: ٩٨).

لە مانگی ئەیلولی ١٨٦٥ شەپۆلێکی بەهێزی نەخۆشی کولێرا لە شاری حەلەبی سوریاوە بە هۆی گەشتی بازرگانانەوە گەیشتوەتە ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاست، لە ١١/٢٣ گەیشتوەتە شاری موسڵ و شارەکانی کەرکوک و هەولێری گرتوەتەوە، سلێمانی بو بە چەقی بڵاوبونەوەی پەتاکە و تا ١٨٦٦/٢/١٣ درێژەی کێشاوە، بەهێزی و توندیی نەخۆشیەکە لە مانگەکانی کانونی دوەم و سەرەتاکانی شوبات گەیشتوەتە لوتکە و ژمارەی قوربانیەکان لە نێوخەڵکی سڤیلدا ٣٠٠ حاڵەتی مردن و ٦٠٠ توشبوی تێپەڕاندوە. پەتاکە بۆ نێو بارەگای سەربازیی دەوڵەتی عوسمانی لە نزیک سلێمانی گوازراوەتەوە، لەو ٩٠٠ سەربازەی نێو بنکەکە لە تێکرای ٣٤ حاڵەتی توشبو ١٧ کەسیان گیانی لەدەستداوە (الجميلي،٢٠١٧: ١٣٩)، لە کاتی بڵاوبونەوەی کۆلێرای ساڵی ١٨٦٥ ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی نزیکەی ١٠هەزار کەسبوە، لەو ڕێژەییە نزیکەی ٦٪ توشی نەخۆشیەکە بون، ٣٪ توشبوان مردون، هەمان پەتا لە ساڵی ١٨٧١ شاری کەرکوک و دەوروبەری گرتوەتەوە لە کۆی ٢٠هەزار کەسی دانیشتوی شارەکە ٤،٨٪ خەڵکەکەی لە ناوبردوە (Radcliffe,1877:123)،

کەمبونەوەی ژمارەی دانیشتوان بەتایبەتی لە نێو ئەو کەسانەی دەستی کاربون بوە بە هۆی پاشەکشێ لە پەرەسەندنی ئاستی ئاوەدانی شارەکان بەتایبەتی مردن و لەناوچونی جوتیار و پیشەوەر و بازرگان و خاوەن پیشە دەستیەکان و وەستای بیناسازی کرێکار، دارتاش و هەلاج... جموجوڵی بازاڕی لاواز کردبو، کەمبونەوەی بەربومی ناوخۆیی و کەمبونەوەی جموجوڵی بازرگانی دەرەکی بەهۆی مەترسییەکانی پەتاکان و دابڕینی تەندروستی (کەرەنتینە)، نەمان و گرانبونی نرخی کالاو پیداویستیە بنەڕەتیەکان، برسێتی وگرانی لێکەوتۆتەوە و بە دوای خۆیدا قەیرانی ئابوریی و کارەساتی مرۆیی دروستکردوە (الوردي،١٩٧١: ٨٥). جارێکیتر لە ماوەی ساڵانی ١٨٧٧، ١٨٨٥، ١٨٨٩ نەخۆشی تاعون لە سلێمانی بڵاوبوەتەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لە ناوبردوە کاریگەرییە خراپەکانی ئەو بارودۆخە ناهەموارانە بە ئاستی ئاوەدانی و پێشکەوتنی ڕواڵەتی شارستانی شارەکەوە دەرکەوتوە، ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی بە هۆی مردن یان کۆچکردن بۆ شوێنکی سەلامەت و جێهێشتنی سلێمانی تاڕادەیەکی بەرچاو کەمکردوەتەوە (هاوار،١٩٩٠: ٥٨).

هەروەها لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە شاری سلێمانی نەخۆشیی گولی بڵاوبوەتەوە، کەسی توشبو بەگشتی جەستەی گەڕ و گول دەبو، نەخۆشیەکی ترسناک و گوێزەرەوە بوە، توشبوانی ئەم نەخۆشییە تەنانەت بە مردویش خەڵکی توخنیان نەدەکەوت و لە گردێکی تایبەت بە جیا دەنێژران، کە پێیدەوترا گردی گولان و دواتر ناوەکەی بۆ مامەیارە گۆڕاوە (میرزا کەریم، ٢٠٠٠: ١٨٨؛ هاوار،١٩٩٠: ٥٩)، سەرەڕای نەخۆشییەکانی تاعون و کولێرا، کە ساڵانە خەڵکێکی زۆرییان لە ناوبردوە چەندین جۆری جیاواز لە نەخۆشی وەک مەلاریا، گرانەتا، تیفۆید، کرمی ڕیخۆڵە، لەرزوتا، نەخۆشییەکانی سنگ لە جۆری سیل، هەڵاوسانی سی و بۆری هەوا، ئاوڵە و گولی و چەندین نەخۆشیتر بەگشتی لە هەر سێ ویلایەتی بەغداد و بەسرە و موسڵ و کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، ڕەواندز.. بڵاوبوەتەوە و ژیان و تەندروستی خەڵکەکەی ڕوبەڕوی لەناوچون کردبویەوە (Davidson, 1890: 279- 281).

لە ساڵی ١٨٢٠ نەخۆشی تاعون شاری کەرکوکی گرتوەتەوەو لەماوەی ٢٠ ڕۆژدا نزیکەی هەزار کەسی لە ناوبردوە (عزاوي،١٩٥٤: ٢٧٨–٢٧٩). جارێکیتر لە ساڵی ١٨٢١ لە کەرکوک نەخۆشی زەردوی و کۆلێرا بڵاوبوەتەوە، کە لە هندستانەوە بۆی گوازراوەتەوە و بە هۆیەوە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانەکەی گیانیان لەدەستداوە. لە ساڵی ١٨٢٧ بە هۆی کۆلێراوە ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی کەرکوک گیانیان سپاردوە. ڕەنگە لە نێو ئەو نەخۆشی و پەتایانەی ئاماژەی بۆ کراوە تاعونەکەی ساڵی ١٨٣٠ خراپترینیان بوبێت، ئەم نەخۆشییە لە تەبرێزەوە بۆ شاری کەرکوک گواستراوەتەوە، زیانە گیانی و ماددییەکانی هێندە زۆربون هەندێک دەڵێن ڕێژەی مردن لە نێوان ٣٠٪ – ٥٠٪ بوە، کوچە و کۆڵانەکانی شارەکە هێندە تەرمی تێدا کەڵەکەببو دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە کەرکوک بەعەرەبانە تەرمەکانیان گواستوەتەوە بەکۆمەڵ کراون بەژێر گڵەوەو نێژراون. هێشتا لێکەوتەکانی پەتاکانی پێشو بەشارەکەوە مابو جارێکیتر تاعون لە ساڵی١٨٣٢،

١٨٤٥ بڵاوبوەتەوەو جگەلە لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتیوان گرانی و قاتوقڕی لێکەوتوەتەوە، کە کاریگەرییە خراپەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر بە ڕوخساری ئاوەدانی و شارستانی شارەکە ڕەنگدانەوەی هەبوە (محەمەد،٢٠٠٦: ١٢٦-١٢٧).

هەروەها لە ساڵی ١٨٨٩ نەخۆشی کولێرا لە هەولێر و کەرکوک و ڕەواندز، بڵاوبوەتەوە ژمارەیەک زۆر قوربانی و مردنی لێکەوتۆتەوە (The Sannitarian, 1890: 65). بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە ڕاپۆرتی پزیشکیە و لەلایەن دکتۆر عەبدولڕەحمان ئەفەندی لەشاری هەولێرەوە بۆ ئیبراهیم ئەفەندی بەرپرسی فەرمانگەی تەندروستی بەغداد نێرراوە تەنها لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لە ڕێکەوتی ٢٤-٢٩ / ٦ / ١٨٨٩ لە کۆی ١٠٧ توشبو بە نەخۆشی کۆلێرا ٧٣ کەسیان مردوە، کە دەکاتە ٦٩٪ توشبوان. (هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، ب١، ٢٠١٨: ١٣٧). ئەم ڕاپۆرتە بەڵگەیە لەسەر بەرزی ڕێژەی مردن، ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لە هۆکارەکانی کەمبونەوەی ژمارەی دانیشتوانی شاری هەولێر، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە.

جارێکیتر لە ساڵی ١٨٩٠ لە شاری هەولێر نەخۆشی کۆلێرا بڵاوبوەتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی بەرچاو خەڵکی لە ناو بردوە، بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو بارودۆخە خراپە والی موسڵی پزیشکێکی بەناوی عەبدولڕەحمان ئەفەندی ڕەوانەی شارەکە کردوە و داوای ڕاپۆرتی سەبارەت بە ڕەوشی تەندروستی شارەکە لە پزیشکەکە کردوە، بەڵام ناوبراو وەک پێویست پابەندی داواکارییەکان نەبوە، بۆیە لە ڕێگای قایمقامی هەولێرەوە زانیارییەکان بە تەلەگراف ڕەوانەی والی موسڵ کراوە، کە بە گوێرەی زانیارییەکان ژمارەی قوربانییەکان لە نێو توشبوانی پەتاکە لەنیوە زیاتر بوە (بەکر، ٢٠١٩: ٧٧).

### ٣- شێوازەکانی چارەسەری نەخۆشییەکان

لەسەردەمی میرنشینە کوردییەکان نزمی ئاستی هۆشیاری تەندروستی هۆکارێکی گرنگبوە لە ئاوەڕنەدانەوە لە بواری تەندروستی، بەشێکی زۆری خەڵک بڕواییان بە نۆژداری پزیشکی نەبوە تەنانەت لەکاتی نەخۆشییەکانیشدا وەکو پێویست پابەندی ڕێنماییەکان نەدەبون، بۆ نمونە کاتێک ڕیچ لە ساڵی ١٨٢٠ سەردانی شاری سلێمانی پایتەختی میرنشینی بابانی کردوە یەکێک لە شازادەکانی بابان بەخراپی گیرۆدەی نەخۆشی ئاوەڵە بوە، هەرچەندە ڕیچ پزیشکە تایبەتەکەی خۆی بە ناوی (بیل) دوجار بەمەبەستی پشکنین و چارەسەرکردن بۆ لای کوڕە نەخۆشەکەی پاشای بابان ناردوە و ڕێنماییکردبون لە شوێنی فێنک دایبنێن و دەرمانیشی بۆ نوسیبو، بەڵام بێسود بوە چونکە دایک و باوکی ڕازینەببون دەرمانی پێ بدەن و ڕێنماییە تەندروستییەکانیشیان پشتگوێ خستوە، ڕەنگە لە ئەگەری پابەندبونیان بە شێوازی چارەسەرکردنەکە تەندروستی منداڵەکە باشتر بوایە و گیانی لەدەست نەدایە (ڕیچ، ٢٠٠٢: ٢٧٦).

سەرەڕای خراپی ڕەوشی تەندروستی، کە ساڵانە نەخۆشییەکانی سکچون و ڕشانەوە و مەلاریا و گرانەتا، کۆلێرا و تاعون و گولی بڵاوبونەتەوە و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بە هۆیانەوە گیانیان لەدەستداوە (هاوار،١٩٩٠: ٥٩)، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو بارودۆخە خراپە هیچ هەنگاوێکی کردەیی نەناوە هەرچەندە بڕیاری کردنەوەی بیمارستان و نەخۆشخانەی لەهەر سێ ویلایەتی بەغداد و بەسرە و موسڵ دەرکردبو، بەڵام لەجێبەجێکردنیاندا کەمتەرخەمی کردوە و وەک پێویست ئاوڕی لێنەداوەتەوە، هەروەها لەدوای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی و تێوەگلانی دەوڵەتی عوسمانی لەوجەنگەدا تەواوی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بە سێکتەری تەندروستیشەوە پشتگوێخراوە (فوستر، ١٩٨٩: ٤٣٤).

بەگشتی لە شارەکانی باشوری کوردستان بە دەگمەن نەخۆشخانە و تیمارگە هەبوە و نەبونی خزمەتگوزاری پزیشکی و بڵاوبونەوەی دەردو پەتا کوشندەکان و بێباکی دەوڵەتی عوسمانی لەمبارەوە نائومێدی و ڕەشبینی لای خەڵکی کوردستان دروستکردبو، تا ئەو ئاستەی بڕوایان بە نۆژداری پزیشکی نەمابو دەیانوت شیفادەر و پزیشک تەنها خودایە. نەخۆش بۆ چارەسەر و شیفا زیاتر پەنایان بۆ شێخ و مامۆستایانی ئاینی ومەرقەد و گۆڕی پیاو چاکان دەبرد، یان لە ڕێگای پزیشکی میللیەوە نەخۆشەکانیان بەهەندێک جۆری تایبەت لە گژوگیا و ڕوەک چارەسەردەکرد (دوسکی، ٢٠٠٧: ٣٧).هەر بۆیە هەر هۆزێک پزشکێکی میللی تایبەت بە خۆی هەبوە، کە بە حەکیم ناویان بردوە ئەمانە بە پشتاوپشت ئەزمون و شارەزاییان لە بواری بەکارهێنانی چارەسەری سروشتی بە ڕوەک و داودەرمانی کوردەواری لە باوانەوە بۆ ماوەتەوە و درێژەیان بەکارەکەیان داوە لەمڕوەوە دەستکەوتی باشیان بەدەستهێناوە (تومابوا، ١٩٧٩: ١٧٧–١٧٨). شانبەشانی ئەو حەکیمانە کەسانیتری هەبون، کە پێیاندەوترا جەڕاح و نەخۆشی دەست و قاچ شکاو لەسەر دەستی ئەمانە چارەسەر دەکران، هەروەها خەڵکی بۆ چارەسەر وەرگرتن پەنایان بە دوعا و نوشتەو گۆڕی پیاوچاکان بردوە، زۆرجار لە شاری سلێمانی کەسانی نەخۆش چونەتە سەردانی شەخس وەکو پیری شەوکێڵ و پیرمەسور و دوعاو پاڕانەوەیان کردوە، چارەسەرکردن بە پەتی لەرزوتا هەندێجار شوێنی دکتۆر و حەکیمی گرتبوەوە (هاوار،١٩٩٠: ٦٠).

بە بڕوای هێنری فۆستر نەخوێندەواری و نزمی ئاستی هۆشیاری و کۆنەپەرستی هۆکارێکی گرنگبوە کە خەڵکی دژی زانستی پزیشکی نوێ بون و لە بری ئەوە پەنایان بۆ پیاوانی ئاینی و دوعا و نوشتە بردوە، چونکە پێیانوابوە دەردو نەخۆشییە جەستەییەکان بەدەست خودایە و شیفا و چارەسەریش هەر لای خودایە و بە هۆی دوعا و نوشتەی پیاوچاکانەوە چارەسەری نەخۆشییەکانیان کردوە نەک بە چارەسەری پزیشکی (فوستر، ١٩٨٩: ٤٣٣). هەروەها بە هۆی دواکەوتویی و نەزانییەوە هەندێجار پێیانوابوە هۆکاری نەخۆشییەکانیان جنۆکە و ڕۆحە شەڕەنگێزەکانن بۆیە لە بری سەردانی دکتۆر و حەکیم پەنایان بۆ شێخ و

مەزاری پیاوچاکان و دوعا و نوشتە و ڤاڵچی بردوە بۆ دەرکردنی جنۆکە لە لەشیان بەمەش توشی دەردەسەری زیاتربون (عقراوي، ١٩٣٦: ١٧١).

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا یەکەم پزیشک بە ناوی محەمەد حەیدەری، کە دەرچوی زانکۆی ئەستەمبوڵی پزیشکی بوە بۆ کاری پزیشکی ڕوی لە شاری هەولێر کردوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت هەولێری بەجێهێشتوەو گەڕاوەتەوە و وتویەتی: "شارەکە خۆی پزیشکی هەمو جۆرە پسپۆڕییەکی لێیە و پێویستیان بە پسپۆڕی من نییە، وەک: مەزارگەکانی کەندەکوخ، بۆ چارەسەی نەخۆشییەکانی کۆکە و ئەنفلۆنزا و دەرونی، مەزارگەی بیەڵ ئیمامی بۆ ڕۆماتیزم. عوزێری پێغەمبەر بۆ نەخۆشییەکانی چاو، ئیمام تەعجیل و حاجی حسێن بۆ مناڵ." خەڵکی هەولێر زیاتر ڕویان لەم شوێنانە کردوە و بە پیرۆزیان زانیون قورئانیان لەسەر خوێندون یان خێرییان بۆ کردون و داوای شیفا و چارەسەریان لێکردون (پیرەبابی،٢٠٢٠: ٦٩–٧٠).

شاری سلێمانی هاوشێوەی زۆربەی شارەکانیتر هیچ پزیشکێکی بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ دانەمەزراوە، بە هەمانشێوە کاری پزیشکی لەلایەن حەکیم و پزیشکە میللییەکانەوە، کە بەشێکیان جولەکە بون ئەنجامدراوە هەرچەندە حسێن ئەفەندی کوڕی بەدیع ئەفەندی کوڕی بابەجان خۆی خەڵکی سلێمانی بوە، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی بەپلەی مقدەم لە نێوسوپادا وەک دکتۆری سەربازی لە شاری کەرکوک دایمەزراندوە، جاروبار بۆ چارەسەکردنی نەخۆشێکی ناسراو سەردانی شارەکەی کردوە، بەڵام لە یەکێک لە سەردانەکانیدا لەسەر ئەسپ کەوتوەتە خوارەوە و گیانی لەدەستداوە (هاوار، ١٩٩٠: ٥٩)، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بێباک بوە بەرامبەر ڕەوشی تەندرستی و بەگەڕخستنی توانا تەندروستییەکانی پزیشکان بۆ خزمەتکردنی خەڵکی ناوچەکانیان. مێجەرسۆن باسی ئەوەی کردوە چەند ساڵێک بەر لە گشتی ناوبراو، کە بۆ یەکەمجار پزیشکێک لە کاتی بڵاوبونەوەی دەرد و نەخۆشیدا سەردانی سلێمانی کردوە بۆ ئەوەی بەخێرای سامانێک پێکەوە بنێت وەک چۆن کەسانیتر لە نێو کورددا کردویانە بەڵام دوای دومانگ شارەکەی بەرەو کوردستانی ئێران بەجێهێشتوە (سۆن، ٢٠١٨: ٢٠٧). ڕەنگە ئەو بارودۆخەی ناوبراو باسی کردوە بۆ کاتی بڵاوبونەوەی تاعونی کۆتا ساڵی سەدەی نۆزدە بگەڕێتەوە.

## ٤- نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان

کاتێک دەوڵەتی عوسمانی بۆ یەکەمجار ئاوڕی لە بواری تەندروستی دایەوە لە ساڵی ١٨٣٨ سیستمی دابڕین و جیاکردنەوەی تەندروستی داهێناوە (العزاوي،١٩٥٥: ٤١)، لە ساڵی ١٨٤٠ بە فەرمی بە ناوی (سیستمی کورنتینا)وەو خستیویەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە ساڵی١٨٧١ بە زیادکردنی چەند بڕگە و مادەی تایبەت جێبەجێکردنی ئەم سیستمە لە پایتەخت و تەواوی ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی گشتگیر کردوە، بەگوێرەی ئەم پەیڕەوە نوێیە دەوڵەت داوای لە ئەنجومەنی شارەوانی لەسەرجەم شارە گەورەکاندا کردوە پزیشکێک و یاریدەدەرێکی پزیشکی لەسەر بودجەی شارەوانییەکان دابمەزرێنن و هەفتەی دوجار بەخۆڕایی

چارەسەری پزیشکی پێشکەش بە نەخۆش بکەن، هەروەها شارەوانی بۆ کردنەوەی دەرمانخانە و پێشکەشکردنی دەرمان بە خۆڕایی ڕاسپاردوە(النجار، ١٩٩١: ٤٤٣)، کاتێک مەدحەت پاشا بوە بە والی بەغداد لەچوار چێوەی چاکسازییەکانیدا بواری تەندروستی کردوە بە پێشینەی کارەکانی بەتایبەتی دوای بڵاوبونەوەی نەخۆشی تاعون لە سەنجقی سلێمانی لە ساڵی ١٨٧١، کە ژمارەیەکی زۆر قوربانی لێکەوتوەتەوە هەرچەندە بەشێوەیەکی تیۆریی بۆ ڕێکخستنی بواری تەندروستی هەنگاوی باش نراوە، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها لە شاری بەغداد نەخۆشخانەیەکی مەدەنی دروستکراوە، شارەکانیتر لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی حکومەت بێبەشبون (النجار، ١٩٩١: ٤٦٥).

دەوڵەتی عوسمانی تا چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدە لە هەرسێ ویلایەتەکەی بەغداد و بەسرە، ویلایەتی موسڵ، کە بەشی زۆری شارەکانی باشوری کوردستان لەخۆدەگرێت تەنها نەخۆشخانەیەکی گشتی لە شاری بەغداد لە ساڵی ١٨٧٢ بنیاتناوە (هەروتی، ٢٠١٣، ٢٤١-٢٤٢)، تەنانەت خەرجی و تێچوی ئەم نەخۆشخانەیە لە ئەستۆی خەڵکی خێرخواز و دەوڵەمەندی شارەکە بوە نەک خودی دەوڵەت، مەدحەت پاشای والی بەغداد بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکە داوای پزیشک و دەرمانساز و کارمەندی تەندروستی لە ئەستەمبوڵ کردوە، بەڵام دوای ڕۆیشتنی مەدحەت پاشا ئەم نەخۆشخانەش پشتگوێخراوە تاساڵی ١٨٧٨ لەسەر دەستی قەدری پاشای والی بەغداد دوبارە بە فەرمی کراوەتەوە (النجار، ١٩٩١: ٤٦٥)، ئەم نەخۆشخانە زیاتر بۆ کەسانی هەژار و بێنەوا و بێماڵ و حاڵ تەرخانکرابو بۆیە بە نەخۆشخانەی ڕێبواران یان هەژاران ناوی دەرکردبو، سیمای ئەو خزمەتگوزارییانەی لەم نەخۆشخانە پێشکەشدەکرا زیاتر لە خانەی بە ساڵاچوان دەچو نەک نەخۆشخانە (الوردی، ١٩٦٩: ٢٥٠).

لەدوای نەخۆشخانەی کەرنتینەی بەغداد یەکەم فەرمانگەی تەندروستی میری لەسەردەمی عوسمانییەکاندا لە کەرکوک لە ساڵی ١٨٧٤ کراوەتەوە هەریەکە لە دکتۆر عیسا نوری وەک بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک و دکتۆر فەتحوڵا لەم فەرمانگە تەندروستییە دەستبەکاربون (آوغلو، ٢٠٢١: ٤٢) بەگوێرەی ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ لە شاری کەرکوک کەسێک بە ناوی هەمپڵ ئەفەندی وەک پزیشکی شارەوانی ناوی لە تۆماری فەرمیدا هاتوە (سالنامە ولايت موصل، (١٣٠٨ه): ١٢٦، ١٣٩)، هەروەها بەگوێرەی ساڵنامەی (١٣١٢ک-١٨٩٤ز)، لە شاری کەرکوک نەخۆشخانەیەکی ٢٠ قەروێڵەیی هەبوە، کە لە کاتی بڵاوبونەوەی نەخۆشییەکاندا چارەسەر و پێکوتەی بە نەخۆشی سڤیل و سەربازی بەخشیوە (سالنامە ولايت موصل (١٣١٢ه): ٢٩٦.

هەروەها لە شاری سلێمانیش لە چوارچێوەی سوپادا ئاماژە بۆ ناوی چەند دکتۆر کراوە وەک مجید ئەفەندی و ئەستیغانوس ئەفەندی و حەقی بەگ، کە پزیشکی قائمقام بوە هەریەکە لە ئەحمەد ئەفەندی و سلێمان ئەفەندی و جەمال ئەفەندی وەک جەراح ناویان تۆمارکراوە (سالنامە ولايت موصل، (١٣٠٨ه): ١٢٦، ١٣٩،

١٤٦-١٤٧)، بۆ ڕێگرتن لە دوبارەبونەوەی کارەساتە تەندروستییەکان والی بەغداد لە ساڵی ١٨٧٥-١٨٧٧ بۆ کەرنتینەی سەنجقی سلێمانی هەریەکە لە قابوسان بیرو وەک پزیشک، عەبدولعەزیز ئەفەندی وەک نوسەر دامەزراندوە، (سالنامة ولاية بغداد، (١٢٩٢ه): ٩٩). هەروەها دەوڵەتی عوسمانی بۆ ڕێگریکردن لە گواستنەوەی نەخۆشییە کوشندەکانی وەک کۆلێرا و تاعون فەرمانگەی کەرەنیتنەی لەناوچە سنورییەکانی نێوان عێراق و ئێران دامەزراندوە لە سنوری شاری سلێمانی پێنجوین و خانەقین خاڵی سەرەکی پەڕینەوەی ئێرانییەکانبون بۆ ناو خاکی باشوری کوردستان و عێراق بۆیە دەوڵەت لە پێنجوێن فەرمانگەی کەرەنتینەی دامەزراندوە، کە لەلایەن پزشکێک و کارمەندێکەوە بەڕێوەبراوە و لەکاتی بڵاوبونەوەی نەخۆشییەکاندا بەبێ بەڵگەی سەلمێنەری تەندروستی ڕێگری لە گەشتیار و سەردانیکەران کراوە لە ئێرانەوە بۆعێراق بپەڕنەوە، ئەم ڕێکارە تەندروستییە وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوە، چونکە پێویستی بە هاوئاهەنگی ئێران و پشتیوانی هێزی چەکداری هەبوە، کە زۆرجار کەسانی توشبو بۆ ڕزگارکردنی ژیانیان ڕێکارەکانیان پێشێلکردوە(الجاف، ٢٠١٢: ١٠٣).شایەنی باسە تەنها لە شارەکانی سلێمانی و کەرکوک، کە مەڵبەندی سنجەقبون نەخۆشخانە هەبوە لە شارەکانیتری وەک هەولێر و ئامێدی و ڕەواندز هیچ ئاماژەیەک بۆ بونی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم باس نەکراوە.

بەگوێرەی ساڵنامەی (١٣١٢ک-١٨٩٤ز)، لە شاری کەرکوک نەخۆشخانە هەبوە بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە هیچ برە پارەیەک بۆ سێکتەری تەندروستی بۆ سەنجقەکانی موسڵ و کەرکوک تەرخان نەکراوە تەنها بۆ سەنجقی سلێمانی بڕی ٦٠٠ قروش خەرجکراوە ئەم بڕە بەراورد بە خەرجیەکاینتر تەنها لەخەرجی تۆپخانە، کە ٤٠٠ قروشە زیاتر بوە لەکاتێکدا خەرجی سێکتەرەکانی سوپا وسەربازیی و جەندرمە زۆر زیاتربون سالنامە ولایت موصل (١٣١٢ه): ٢٩٦؛ زەکی، ١٩٣٩: ١٤٤)، پشتگوێخستن و گرنگینەدانی دەوڵەتی عوسمانی بە سێکتەری تەندروستی لە کاتێکدا زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ویلایەتی موسڵ بەدەست نەخۆشی ودرم و پەتا گوازەرەوەکانی وەک تاعون و کولێراو ڕشانەوەو سکچونەوە دەیناڵاند و ساڵانە هەزارەها قوربانی لێدەکەوتەوە کاریگەری خراپی هەبوە لەسەر دارمانی کۆمەڵگا بەتایبەتی کۆمەڵگەی شارنشین، کە زیاتر نەخۆشییەکان لەشارەکاندا بڵاودەبونەوە، لەناوچونی خەڵکی شار دەبێتە هۆی وەستانی گەشەی شارستانی بەتایبەتی مردنی زانا و داناکان، کە بە ڕەگەزی بنچینەیی لە بنیاتنانی شارستانی هەژمار دەکرێن (هەروتی، ٢٠١٣: ٢٨٨)، لە دیدی عەلی وەردییەوە سیمای شارستانی لەشاردا بۆ بونی حکومەت و توێژی خوێندەوار، کە خاوەنی ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆیانن دەگەڕێتەوە، هەر زیانێک بە هۆی هەر هۆکارێکەوە بەر ئەم توێژە بکەوێت ئاستی پێشکەوتن و پەرەسەندنی لایەنی فەرهەنگی و شارستانی شار زیانی پێدەگات (وەردی، ٢٠١٥: ٢٧٦).

خراپی وناجێگیری بارودۆخی ئابوری و سیاسیی، گەندەڵی و ناکارامەی دەوڵەتی عوسمانی لە بەڕیوەبردنی ویلایەتەکان و بێباکی و کەمتەرخەمی والی و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و لاوازی و کەمتواناییان لە بەڕێوەبردنی وڵات بەگشتی و ئیدارەدانی قەیرانەکان بەتایبەتی قەیرانی تەندروستی دەرهاوێشتەی خراپی لێکەوتوەتەوە، بۆ نمونە لە کاتی بڵاوبونەوەی نەخۆشی کۆلێرای ساڵی ١٨٣٤ لە شاری کرماشان نشینگەی بەریتانی لە بەغداد والی شارەکەیان لە دەرئەنجامە ترسناکەکەی لەئەگەری گەیشتنی پەتاکە بۆ شاری بەغداد ئاگادار کردوەتەوە، بەڵام والی لە پێناوی وەرگرتنی ئەو بڕە باجەی وەک نەریت لە گەشتیارەکان وەردەگیرا بایەخی بە ئاگادارکردنەوەکە نەداوە و هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ ڕێگرییکردن لە هاتنی ئێرانیەکان بۆ بەغداد نەگرتوەتەبەر (وەردی، ٢٠١٥: ٣٢٢).

نەبونی پلانی پێشوەختە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تەنگەژە تەندروستییەکان و ڕێگری لە بڵاوبونەوەی پەتا و درم و نەخۆشییەکان، لاوازی هۆشیاری تەندروستی و کەمی پیداویستیە تەندروستییەکان وەک: نەبونی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی، نەبونی دەرمان و پێداویستی تەندروستی، تەرخان نەکردنی بودجەی تایبەت بۆ بەرەنگاربونەوەی دۆخە نەخوازراوەکان، نەبونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەک ئاوی پاک بۆ خواردنەوە، ئەم فاکتەرانە و چەندانیتر هۆکاری ئەو بارودۆخە خراپەی سێکتەری تەندروستیبون، کە شارەکانی باشوری کوردستان بەدرێژایی حکومڕانی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی لەسەدەی نۆزدەدا گیرۆدە کردبو (الجمیلي، ٢٠١٧: ٧٨-٧٩).

## ٥- کاریگەرییە خراپەکانی ڕەوشی تەندروستی لە سەر شارەکانی باشوری کوردستان

سەرهەڵدانی برسێتی و گرانبونی نرخی کاڵا و داڕوخانی ژێرخانی ئابوری و پەککەوتن و کەمبونەوەی چالاکییە ئابورییەکان لە سەرجەم کەرتە جیاوازەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی کەمبونەوەی دەستیکار و هێزی کاری وەبەرهێنان، دروستبونی قەیرانی ئابوری بە گرنگترین و ترسناکترین دەرهاوێشتەکانی تەنگەژە تەندروستییەکان دادەنرێت، کە زۆرجار قەیرانی سیاسی لێکەوتوەتەوە بوە بە هۆی لاوازی حکومڕانی نێوخۆیی و زۆربونی دەستێوەردانی دەرەکی لە هەندێک حاڵەتدا کۆتایی بە دەسەڵاتی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوایی هێناوە وەک ئەو پەتاو لافاوەی لە ساڵی١٨٣١ شاری بەغدادی گرتەوەو بوە بەهۆی پەکخستنی دەسەڵاتی داود پاشای والی و کۆتایی بە فەرمانڕەوایی سەد ساڵەی مەمالیکەکان لە عێراق هێناوە (الجمیلي، ٢٠١٧:٢٦٥-٢٦٦).

بەهۆی بڵاوبونەوەی درم و پەتاکانەوە کەرتی بازرگانی هاوشێوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پێشەسازی گورزی گەورەی بەرکەوتوە، سەرەڕای داخستنی بازاڕ و دوکانەکان بە هۆی لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی پەتاکەوە هەندێجار مەترسییەکانی بڵاوبونەوەی پەتاکە بۆ ناوچەکانیتر بوە بەهۆی پەکخستنی هاتوچۆی کاروانە بازرگانییەکان (عزاوي، ١٩٥٦: ٩٣)، بۆ نمونە لەکاتی بڵاوبونەوەی تاعون لە کۆتا ساڵەکانی سەدەی

نۆزدە لە شاری سلێمانی، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هاوردەکردنی خوری لە کوردستان ڕاگرتوە ئەم ڕوداوە زیانی بە بازرگانی فەرشی ئێرانی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکان و باشوری کوردستان گەیاندوە (الجميلي، ٢٠١٧: ٧٨–٧٩)

تەنگەژە تەندروستییەکان جگە لەوەی لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری خراپیان لەسەر دانیشتوانی شارەکان دروستکردبو، لە ڕوی دەرونیشەوە بەگشتی خەڵک لە کەشێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێی بەردەوامدا ژیاون بەتایبەتی ترس لەو نەخۆشیانەی تا ئەو کاتە هیچ چارەسەرێکی پزیشکیان بۆ نەدۆزرابوەوە بەشێک لەو خێزانانەی، کە زۆربەی ئەندامەکانیان مردون و منداڵی بچوکی تەمەن شەش مانگ هەتا چوارساڵیان لە پاش بەجێماوە بەبێ بەخێوکەر و سەرپەرشتیار ماونەتەوە، بە ڕوتی و برسێتی و بێکەسی لە کوچە و کۆڵانەکان گریاون، نەکەسێک هەبو بەخێویان بکات، نەشوێنێکی ئەوتۆ هەبو لە خۆیان بگرێت (الجميلي، ٢٠١٧: ٢٧٢).

یەکێکیتر لە لێکەوتەکانی تەنگەژە و کارەساتە تەندروستییەکان سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی دیاردەی دزیی و تاڵانی و ڕاوڕوتە، چونکە لە کاتی قەیرانەکاندا بەگشتی خەڵکی بە دەست برسێتی و نەهامەتی و هەژارییەوە گیرۆدەبون و لە پێناو خۆڕزگار کردن لەو ڕەوشە نالەبارە پەنایان بۆ ئەو کارانە دەبرد، لە کاتی بڵاوبونەوەی پەتاکان دزیکردن زۆر ئاسان بوە چونکە زۆربەی ماڵەکان یان بەهۆی مردن و لەناوچونی خاوەنەکانیان چۆڵ بون یان ئەوانەشی کە مابون بەجۆرێک نەخۆشییەکە هیلاکی کردبون توانای بەرەنگاربونەوە و بەرگریکردنیان لە ماڵ و حاڵییان نەمابو، گریڤز لە کتێبەکەدا، کە لە ساڵی ١٨٣٢ لە لەندەن بڵاوی کردوەتەوە وەک شایەتحاڵێک، کە خۆی لە نێو ڕوداوەکانیدا ژیاوە، باسی ڕۆژە سەختەکانی کاتی بڵاوبونەوەی تاعونەکەی ساڵی ١٨٣١ شاری بەغدادی کردوە و وتویەتی: "کوچە و کۆڵانەکان پڕ ببون لەتەرم، تەنها ئەو کەسانە دەبینران، کە کفن و ئاوییان بۆ شۆردن و کفن کردنی مردوەکانیان دەهێنا" (الوردي،١٣٧١ه: ٢٧٠–٢٧١). ڕەنگە هەمان بارودۆخ لە شارەکانی باشوری کوردستانیش ڕویدابێت بەڵام کەسێکی وەک گریڤزی لێنەبوە تا ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژانە وەک خۆی بگێڕێتەوە.

## ئەنجام

١- بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شوینی باشوری کوردستان لە نزیک ڕیگا سەرەکییەکانی هاتوچۆ و بازرگانی بەشێکی زۆر لە نەخۆشییە گوازراوەکانی وەک تاعون و کۆلێرا زیاتر لە ناوچەکانی دەرەوەی شارەکانی باشوری کوردستانەوە بەتایبەتی لە ئێران و تورکیا و سوریا و هندستان یان ویلایەتی بەغداد و بەسرەوە بۆ نێو شارەکانی باشوری کوردستان گوازراوەتەوە.

٢- بارودۆخی تەندروستی شارەکانی باشوری کوردستان لەسەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا خراپ بوە بەهۆی ناجێگیری بارودۆخی سیاسی و شەڕوشۆڕ، دواکەوتویی ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی و نەخوێندەواری و نزمی ئاستی هۆشیاری تەندروستی، گرنگی بە لایەنی تەندروستی نەدراوە تەنانەت میرانی بابان خۆیان بۆ چارەسەرکردن زیاتر بڕواییان بە شێوازە باوەکانی وەکو دوعا و نوشتە بوە نەک نۆژداری پزیشکی، لە ماوەی فەرمانڕەوای میرنشینەکانی بابان، سۆران، بادینان هەتا نیوەی یەکەم سەدەی نۆزدە هیچ ئاماژەیەک بۆ کردنەوەی فەرمانگە و بنکەی تەندروستی لە شارەکانی باشوری کوردستان نەکراوە.

٣- بواری تەندروستی گرێدراوی بواری ئابوریە هەندێجار لە دوای تەنگەژە ئابورییەکانی وەک گرانی و برسێیەتی و بەدخۆراکی و پیسخۆری دەرد و نەخۆشی ترسناک بڵاوبوەتەوە، لاوازی هۆشیاری تەندروستی لە چۆنیەتی شێوازی ژیان و خواردنی تەندروست و پاک و خاوێنی هۆکاری زۆرێک لە نەخۆشییە کوشندەکانی وەک تاعون و کولێرا و گرانەتا و ئاوڵە...بوە.

٤- بڵاوبونەوەی زۆرێک لە نەخۆشی و پەتا کوشندەکان لە شارەکانی باشوری کوردستان، کە بوە بەهۆی مردن و لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوان لێکەوتەکانی بە ئاستی ئاوەدانی و سیمای شارستانی شارەکانەوە بەتایبەتی کەمبونەوەی ژمارەی دانیشتوان دەرکەوتوە.

٥- کەمتوانایی وخەمساردی و بێباکی دەوڵەتی عوسمانی لەچارەسەرکردنی زانستیانەی تەنگەژە تەندروستییەکان بوە بەهۆی چەندبارەبونەوەیان و هەستی نائومێدی لای خەڵکی بەرامبەر بەدەوڵەت دروستکردبو، کە متمانە و بڕوایان بە نۆژداری پزیشکی کەمبوەتەوە.

٦- لاوازی هۆشیاری تەندروستی و بەربڵاوی بیروباوەڕی پروپوچ و ئەفسانەیی پاڵنەرێکی بەهێز بوە، کە خەڵک بۆ چارەسەروەرگرتن لەبری نۆژداری پزیشکی ڕویان لە حەکیمی کوردەواری و دۆعا و نوشتە و گۆڕی پیاوچاکان کردوە.

# The health situation in the cities of Southern Kurdistan in the nineteenth century

Saman Hussain Ahmd[1] - Rewas Fatah muhamad[2]

[1] Department of Social Sciences, College of Basic Education, University of Suleimani, Suleimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2] Department of History, College of Humanities, University of Suleimani,Suleimani,Kurdistan Region, Iraq.

.

## Abstract

The content of this research talks about the health situation in the cities of southern Kurdistan in the nineteenth century, which its population was suffering from poverty, back wardness illiteracy, destruction, high taxes rates and bad political conditions, due to the bad economic, social and political circumstances, beside these, a variety of dangerous diseases like (plague, cholera, malaria, fever, diarrhea and vomiting.) had spread in (Sulaimani, Kirkuk, Hawler, Ramanduz, Amedi) durnng the years (1820, 1821, 1830, 1831,1832, 1845, 1865, 1871, 1889, 1900 …), which caused great economic, social, political losses and health disasters. sometimes they caused the death of nearly half of these cities population.

Low health awareness and lack of health service forced the inhabitants of these areas to resort to alternative medicine, magic and sorcery and the shrine of the righteous. The indifference and neglecting of the health sector by Ottoman Empire caused frequent health disasters, despite the fact that the Ottoman state had opened several hospitals and quarantine centers in both cities Sulaimani and Kirkukein the seventieth of the nineteenth century , but they were not provided enough budget as compared to the military sectors , the laste money was allocated for the helth sector, no hospitals or governmental health centers were found in cities like Hawler , Koya , Rawandz and the Amedi tell the beginning of the twenentieth century.

**Key words :** Health Situation, Ottoman State, Cities In Southern Kurdistan, Plague, Cholera.

# سەرچاوە

.شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم (٢٠٠٢)، شاری سلێمانی (١٩١٨– ١٩٣٢)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی.
بێندەر، سەفەرنامەی هێنری (٢٠٠٦)، و: ئەبو بەکر خۆشناو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
بەکر، ئاشتی ڕەحمان (٢٠١٩)، هەولێر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا (سەدەکانی ١٨–١٩)، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
تۆمابوا (١٩٧٩)، ژیانی کوردەواری. کورتە باسێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فۆلکلۆری نەتەوەی کوردە، و: حمە سەعید حمە کەریم، سلێمانی.
ڕیچ، کلۆدیۆس جێمس (٢٠٠٢)، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
زەکی، محەمەد ئەمین (١٩٣٩)، تەئریخی سلێمانی و وڵاتی لەدەوری زۆر قەدیمەوە تا ئەوەڵ ئیحتیلال ١٩١٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی النجاح، بەغداد.
سۆن، مەیجەر (٢٠١٨)، گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لەبەرگی نادیاردا، و: مینە، چاپی یەکەم،، جاپخانەی یادگار، سلێمانی.
فرەیزەر، جیمس بیلی (٢٠٢٠)، گەشتەکەی فرەیزەر بە کوردستان و میزۆپۆتامیادا لە ساڵی ١٨٣٤ز، و: د.نەوزاد ساڵح ڕەفعەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
کەریم، غەفوری میرزا (٢٠٠٠)، کێومالێ بە بیرەوەرییەکانمدا، سلێمانی.
محەمەد، عەلی مەحمود (٢٠٠٦)، کەرکوک شاری قەڵاو ئاگر وخوێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک
هاوار، محەمەد ڕەسوڵ(١٩٩٠)، شێخ مەحمودی قارەمان ودەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، ب١، لەندەن.
هەروتی، سەعدی عوسمان (٢٠١٣)، چەندلایەنێکی مێژوی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوریی کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
هەروتی، سەعدی عوسمان (٢٠١٤)، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژوییەکاندا چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
هەولێر لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا.١١١٦–١٣٣٠کۆچی/ ١٧٠٥–١٩١٢ز، ٢٠١٨ ئامادەو پێشکەشکردنی: د. نەوزاد یەحیا باجگر، و: ئاشتی ڕەحمان، ب١، لەبڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان. خانەی بەڵگەکان، هەولێر.
وەردی، د.عەلی (٢٠١٥)، لێکۆڵینەوەیەک لە سروشتی کۆمەڵگای عێراقی، وەرگێرانی؛ فەیسەڵ خەلیل،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
احمد، ابراهيم خليل (١٩٨٦)، النشاطات الطبية و الخدمات الصحية في العراق ١٢٥٨-١٩٢١، آداب الرافدين (مجلة)، العدد ١٦ كلية الاداب، جامعة الموصل.
الوردي، د.على (١٣٧١هـ)، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث من بداية العهد العثماني حتى منتصف القرن التاسع عشر، ج١، ط١، مطبعة أمير، قم.
الوردي، د.علي (١٩٧١) لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث ١٨٣١-١٨٧٢، ج٢، مطبعة الارشاد، بغداد.
الوردي، د.على (١٩٦٩)، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث ١٨٧٦-١٩١٤، ج٣، مطبعة الارشاد، بغداد.
الجميلي، د.قاسم (٢٠١٧)، تاريخ العراق الوبائي في العهد العثماني الأخير ١٨٥٠-١٩١٨، ط١، دار دجلة، عمان.
پيرەبابى، عيسى فهمى حسن صالح (٢٠٢٠)، مدينة أربيل تاريخ و حضارة و خلود، اعداد و تقديم: طارق جامباز المحامى، أربيل.
خصباك، د.شاكر (٢٠٠٥)، الاكراد. دراسة جغرافية آثنوغرافية، ط١، دار العربية للموسعات، بيروت.
الدوسكى، كامران عبدالحميد (٢٠٠٧)، بهدينان في اواخر العهد العثماني ١٨٧٦- ١٩١٤، ط١، دهوك.

الدوسكي، كامران عبدالحميد (٢٠٠٦)، كردستان في العهد العثماني في نصف الاول من القرن التاسع عشر، ط١، دار العربية للموسوعات، بيروت.

رؤوف، د.عمادعبدالسلام (١٩٨٨)، الخدمات العامة في المدن العراقية (الحقبة الحديثة)، في كتاب المدينة و الحياة المدنية، ج٢، دار الحرية للطباعة، بغداد.

صايغ، سليمان (١٩٢٣)، تاريخ الموصل، ج١، المطبعة السلفية، ١٩٢٣.

العزاوي، عباس (١٩٥٤)، تاريخ العراق بين احتلالين حكومة مماليک (١١٦٢-١٢٤٧ه) / (١٧٤٩-١٨٣١)، ج٦، شركة التجارة و الطباعة المحدودة، بغداد.

العزاوى، عباس(١٩٥٥)، تاريخ العراق بين احتلالين حكومة مماليک (١٢٤٧هـ- ١٢٨٩ه) / (١٨٣١-١٨٧٢)، ج٧، شركة التجارة و الطباعة المحدود، بغداد.

العزاوي، عباس، تاريخ العراق بين احتلالين العهد العثماني الاخير ١٢٩٨هـ-١٨٧٢م / ١٣٣٥هـ- ١٩١٧، ج٨، شركة التجارة و الطباعة المحدود، بغداد، ١٩٥٦.

عبوش، فرهاد حاجي (٢٠٠٤)، المدينة الكوردية من القرن ٤-٧ه / ١٠-١٣م. دراسة حضارية، المطبعة وزارة التربية، اربيل.

العدول، د. جاسم محمد حسن (تموز ٢٠٠٦)، الكوراث و الظواهر الطبيعية في الموصل من خلال مؤلفات المؤرخ الموصلى ياسين بن خير الله الخطيب العمري، دراسات موصلية (مجلة)، العدد ١٣، موصل.

عقراوي، د. متى (١٩٣٦)، العراق الحديث. تحليل الآحوال العراق و مشاكله السياسية و الاقتصادية و الصحية و الآجتماعية و التربوية، ت: المؤلف و مجيد خدورى، ج١، مطبعة العهد، بغداد.

العمري، ياسين بن خير الله (١٩٧٤)، زبدة الآثار الجلية في الحوادث الارضية، انتخب زبدته: د.داود الچلبى، حققه د.عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الاداب، النجف، ١٩٧٤.

فوستر، هنرى (١٩٨٩)، نشأة العراق الحديث، ت: سليم طه التكريتى، ج٢، بغداد.

الجاف، ڤيان حسن عزيز (٢٠١٢)، سنجق السليمانية في العهد العثماني الأخير ١٨٦٩-١٩١٨ (دراسة التاريخية)، رسالة الماجستير غير منشورة، الجامعة المستنصرية، كلية التربية، قسم التاريخ، بغداد.

الكركوكلى، رسول، دوحة الوزراء في تاريخ وقائع الزوراء، ت: موسى كاظم نورسن، مكتبة النهضة، بغداد.

لانزا، دومينيكو (١٩٥٣)، الموصل في القرن الثامن عشر، ت: القس روفائيل بيداويد، ط٢، الطبعة الشرقية الحديثة، الموصل.

مراد، د.خليل على (٢٠١٨)، العراق في العهد العثمانى الثانى (١٦٣٨-١٧٥٠م).دراسة في الادارة العثمانية و الحياة الاقتصادية، ط١، لبنان – بيروت.

النجار، د. جميل موسى(١٩٩١)، الادارة العثمانية في ولاية بغداد. من عهد الوالى مدحت پاشا الى نهاية الحكم العثمانى (١٨٦٩-١٩١٧)، ط١، المكتبة مدبولى، القاهرة.

أوغلو، د.نجات كوثر (٢٠٢١)، الاوائل في كركوك، كركوك.

موصل ولايتى سالنامه سى (١٣٠٨)ه، مكتوبي ولايت سعاد تلوحسن توفيق افندي معرفتيله ترتيب اولنمشدر.

موصل ولايتى سالنامه سى( ١٣١٢)ه، مكتوبي ولايت سعاد تلو حسن توفيق افندي معرفتيله، مطبعة سنده باصلمشدر

(سالنامة ولاية بغداد، (١٢٩٢ه)، دفعة ١، بغداد مطبعة ولايت.

DAavidson, Andrew, (1892), Geographical Pathology: An Inquiry into the Geographical Distribution of Infective and climatic Diseases (Edinburgh & London: young j. Pcntland

Radcliffe (1877), the Diffusion of cholera in Mesopotamia, Kurdistan, & Persia,(1865-72).

The Sanitarian (1890): A Monthly Magazine Devoted to the Preservtion of Health.Mcntal & Physical Culture.Vol. (24)